# تەلەفزیۆن لە لایەن
# کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژیەوە
# چ کارێك لە منداڵان دەکات



که دەمانەوێ لەو کارە بدوێین کە تەلەفزیۆن لە منداڵانی دەکات ، دەبێ بە یەك جار لە سروشتی هەریەك لە تەلەفزیۆن و لە منداڵان وورد بینەوە . بە نموونە کە دەڵێین بەرنامەکانی تەلەفزیون خۆش و بە کەڵك و بە قازانجن مەبەستمان ئەوەیە کە قازانج و

کاتێکیش دەڵێین بەرنامەکان بەترس و تۆقێنەرن مەبەستمان ئەوەیە کە ئەو بەرنامانە هەندێ سیفەت و ئاکاری وایان هەیە کە ترس دەخەنە دەروونی منداڵانی بچووکەوە . کەوابێ ، منداڵان کەرەستەیەکی کاریگەر و چالاکن بۆ لێکۆڵینەوەی باسی پەیوەندی نێوان تەلەفزیۆن و منداڵان ، چونکە هەر ئەوان تەلەفزیۆن بەکاردەهێنن ، تەلەفزیۆن بۆی نی یە ئەوان بەکاربهێن[illegible]

ش[illegible]ی تەلەفزیۆن لە مێشکی منداڵان بە هیچ ش[illegible] لەگەڵ شوێنەواری هۆیەکانی تری پرۆپاگەندەو ڕاگەیاندنی وەکو رادیۆ ، سینەما ، گۆڤار ، رۆژنامە و هی‌تر .. جیاوازیی نی یە کە منداڵان بەکاریان دەهێنن . جا ئێمە کە کاری تەلەفزیۆن باس دەکەین مەبەستمان ئەوەیە منداڵان بە چ رێکەیەك تەلەفزیۆن بەکاردەهێنن . چونکە منداڵ چەند پێویستی‌یەکی هەمە جۆری سایکولۆجی و کۆمەڵایەتی هەیە دەیەوێ بە گەلێ رێگە دابینیان بکات ، کاتێ کە دووپاتیان دەکاتەوە کە بە کەڵکی پێویستی‌یەکانی دێن و لەگەڵ ئارەزوو رێبازەکانی دا رێك دەکەون .

منداڵانیش بە زۆر جۆرو ڕێگا هەمان تەلەفزیۆن بەکاردەهێنن و هەر یەکەیان بە شێوەیەکی وەها بـــە کەڵکی دێنێ کە لەگـــەڵ شارەزایی و تەجرەبەکانی پێشوو و پێویستی‌یەکانی سایکۆلۆجی و کۆمەڵایەتی و پێوانە و نرخـــەکانی خۆی دا بگونجێت (١) ئەوەتا هەندێ منداڵ حەز بە فلیمی پڕ لە زەبروزەنگ و تاوان و نا ـ ڕەووشتی دەکەن و لەوەدان کـــە لـــە ژیانی ڕۆژانەیان دا لـــە چاویان بکەنەوە ، هەندێکیشیان تەماشای ئـــەم جۆرە فلیمانە دەکـــەن و ئاکـــارە خراپەکانیان کاریان تێناکات چونکـــە ئەم کۆمەڵـــە منداڵانە ئەوەندە ژیری و زیرەکی‌یەیان هەیە کە بزانن هۆی تاوانەکان و قەوماوە نا بەجێ‌یەکانی سەر پەردەی تەلەفزیۆن چی‌یە و چی نی‌یە .

جا ئەگـــەر بمانەوێ لە تەئسیرەکانی تەلەفزیۆن تێبگەین پێویستە لە بارو هـــەلی ئەو تەئسیرانە وورد ببینەوە و تێیان بگەین ، بۆ تێگەیشتنی بارو هـــەلی تەئسیرەکانی تەلەفزیۆنیش دەبێ گەلێ زانینی جـۆراو جۆر دەربارەی ژیان و پەروەردە کردن و ڕەفتاری ئەو منداڵانە دەستگیر بکەین . ژیانی کۆمەڵایەتی‌ی منداڵان جۆرە لێزانی‌و تاقی‌کردنەوەیەکی تایبـەتیان دەداتێ و گەلێ پێوانەو زۆر پێویستی‌ی سایکۆلۆجییان بەسەردا دەسەپێنێ و پەیوەندی‌ی کۆمـــەڵایەتی و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی‌ی وایان لا پەیدادەکات کـــە لە بینـــای شەخسییەتیان دا دەورێکی گـەورە دەگێڕن . کاتێك کــە سەیری تەلەفزیۆن دەکـەن هەندێکیان ڕەفتـارو بەهاو پێوانەی خـــۆیان دەگۆڕن ، هەندێکیشیان ئەو بەهاو ڕەفتارە بنەڕەتی‌یەی کە لە ژیانگەی کۆمەڵایەتی‌ی خۆیان پەیدایان کردووە دەستیان پێوە دەگرن . بۆیە لێکۆلینەوەکەمان دەربارەی گرنگی‌ی ئـەو دەوازە دەبێ کــە تەلەفزیۆن لە ژیانی منداڵانمان‌دا ، لە چوارچێوەی ئەو لێزانی و تاقی‌کردنەوەو بینینانەدا [illegible] داتێ ، یاری دەکات .

دەتوانرێ تەلەفزیۆن بـــە پەروەردەکەرێك یان مامۆستایەك دابندرێ لەو ماڵە ، چونکە هـــەواڵ و دەنگوباسی دەوڵەتانی دەرەوە بە خێزان دەگـەیەنێ و ئاگاداری نـەریت و ڕەووشت و خووی کۆمەڵایەتی‌ی ســـەیر سەیری کۆمەڵگا هەمە جۆرەکانی مرۆڤـیان دەکات و ئاسۆی تازەی بیریان بەسەر داهێنانی نوێ و بەهرەی زانستی و تەکنـولوجیای جیهان‌دا دەکاتەوەو وێنەی زیندووی سروشتی جوغرافیایی و ئایکولوجی دەوڵـەتانی جیهانی دەرەوەیان دێنێتە پێش چاو کـە هەر یەکە لە دنیای شارستانەتی و ئـەگنیکی ماددی دا جۆرە ئاستێکیان نیشان کردووە . بەڵام لـــە لایەکی ترەوە تەلەفزیۆن بەوە تاوانبار دەکرێت کـــە بووەتە هۆی کەوتنی منداڵان لە ئیمتیحانەکان و قوتابخانەکاندا هەروەکو لێکۆلینەوە کۆمەڵایەتی‌یەکان دەست‌نیشانی دەکەن کــە قوتابییانی نازیرەکی قوتابخانەکان ئەوانەن کە لە قوتابییانی تر زیاتر تەماشای تەلەفزیۆن دەکـەن و هەر دوو قوتابی لە سەرجەمی پێنج قوتابییان دا کە بە زۆری سەیری تەلەفزیۆن دەکەن ، پێیان لەوە ناوە کـــە تەلەفزیۆن لێناگەڕێ باش بخوێنن و ئەرکەکانی قوتابخانەکانیان جێبەجێ بکـــەن (٢) . هـــەر ئەم لێکۆلینەوانە پیشانیان داوە کـــە تەلەفزیۆن هۆی شێواندنی سروشتی ئەو مەبدەئە ڕەووشت و ئـــەو بەهایانەیە کە منداڵان لـــە کۆمەڵ‌و دەوروبەری ژیانی خۆیان فێری بوون . چونکە منـــداڵ یان هەرزەکار ، ئەوەی لە پەردەی تەلەفزیۆنەوە پێی‌دەگات زوو بەزوو کاری تێ‌دەکات و لەوانەیە ئەوەی کە دەیبینێ لەگەڵ ئەو پێوانەو بەهـــا ڕەووشتی‌یانەدا نەگونجێت کـــە لە ماوەی قۆناغـــەکانی هۆگربوونی کۆمەڵایەتی‌دا فێریان بووە بە تایبەتی لـــە حاڵەتی دووبارە بوونەوەی ئەو فیلم و ئەو دیمەنە تەلەفزیۆنیانەی کـــە لەگەڵ خوو ڕەووشتی منداڵ دا ناکۆکن .

پرۆفـیسور جوزیف کلابر دەڵێ منداڵان زوربەی وەخت کـــە تەماشای تەلەفزیۆن دەکەن تەماشـــای ئەو بەرنامانە دەکەن کـــەبۆ ژیانی گەوران داندراون ، هەروەها دەڵێ کاروباری گەورانیش تایبەتی یە بـــە خۆیان و هەر بۆ گەورانە ، ئـەو فیلمە تەلەفزیونانەش کە کارو بارەکانیان دەنوێنن شەڕو کێشەیان پیشـان دەدەن کە لە ئەنجامدا کارێکی نابەجێ لـــەو منداڵانە دەکەن کە سەیریان دەکەن(٣) .

زانایانی دەروون ناسی پزیشکی سەرباری ئەمـە دەڵێن بەردەوامی‌ی منداڵان لە تەماشاکردنی ئەم جۆرە فلیمانە وا دەکات کە پێگەیشتنی ژیریان لە زوویەکەوە سەر ببزێوێ و لە ئەنجامدا وایان لێ‌بێت کە بڕوا بـە گەوران نەکەن ، باشانیش ناکۆکی و ناتەبایی دەکەوێتە نێوان گەوران و بچووکان ، هەندێ جاریش بچووکان لە هەندێ کاروباردا لاسایی گەوران دەکـەنەوە . ئەم لاسایی کردنەوەش لەجێی خۆیدا و راسـ ـیە چونکە زرووف و گیروگرفتەکانی گەوران لـە زرووف و گیرو گرفتەکانی بچووکان جیا یە .

بەڵام بەشێك لە زانایانی دەروون ناسی پزیشکی دەڵێن تەلەفزیۆن توانای هەست کردن بە لێپرسراویی کۆمەڵایەتیی منداڵ دەبووژێنێتەوەو هێزی ژیری و فامیاری منداڵ پەرە پێدەدات کە بەهۆیەوە لە ژیانی خۆی دەگات لە ئەنجامی بینینی فلیمی زۆر دەربارەی گەوران(٤) .

بەڵام ئەو پرسیارە گرنگەی لە مێشکی زانایانی کۆمەڵناسی و دەروون دا لە دژی تەلەفزیۆن هاتو چۆ دەکا ئەوەیە ئایا زەبروزەنگ و تاوان و نا ـ رەووشتی سەر پەردەی تەلەفزیۆن منداڵان فێری رێگەی تاوان و زەبروزەنگ و رەفتاری بەد رەووشتانە دەکەن ؟ ژمارەیەکی زۆر لە زانایانی کۆمەڵناسی و دەروون پاش لێکۆلینەوەو ووردبوونەوە لەم باسە ویستوویانە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە ، یەکێکیان کە وولتەر لیمانە Walter Lippmann دەڵێ هیچ گومان لەوە دانی‌یە کە ئەو فلیمانەی زەبروزەنگ و کرداری بێ بەزەییانە پیشان دەدەن ئارەزوو و خۆکوتان لای تەماشاکەر پەیدا دەکەن بۆ بەکارهێنانی توندو تیژی لە چارەسەر کردنی گیرو گرفتەکان دا ، وا دەرکەوتووە کە پەیوەندی‌یەکی تەواو لە نێوان پیشان دان و دووبارە بوونەوەی تاوان و قەوماوی گوناهباری لە کۆمەڵداو لە نێوان پیشاندانی فلیم و بەرنامەی تەلەفزیۆنی پڕ لە دیمەنی تاوان و دڵرەقی و زەبرو زەنگ دا هەیە .

کاری تەلەفزیۆنیش لە منداڵان جۆرا و جۆرو جیا جیایە ، هەندێ جار بە تەووژم هەندێ جاریش ئەوەندە نی‌یە ، ئەگەر منداڵە کە بەر ووریا کردنەوەیەکی دەوروبەری وا بکەوێت کە شوێنە واری تەلەفزیۆن دا پۆشێت زوو بەزوو لادەچێت .

پرۆفیسور ئیزەنك Propessor Eysenk دەڵێ هەندێ بنچینەی تیوریی وا هەن ئەوە ساغ دەکەنەوە کە تەلەفزیۆن دەتوانێ بنەوانەکانی رەووشت و رەفتاری منداڵان بگۆرێت و ئەو بنچینانەش دەتوانرێ بە بەڵگەی تاقی کراوەو پزیشکانە پشت ئەستوور بکرێن(٦) .

بەڵێ تەلەفزیۆن وای کردووە خێزان بە شەوان لە ماڵێدا سەتار بگرێت و تەماشای بەرنامەکانی تەلەفزیۆن بکات و ئەو خێزانانەی کە تەلەفزیۆنیان هەیە لەوانەی کە نی‌یانە زیاتر بەشەو لە ماڵێ دەمێننەوە . بە جەخدەوە بەڵگەی ئەوەش هەیە کە تەلەفزیۆن بووەتە هۆی کەم دووری و کەم و تووێژیی نێوان ئەندامانی خێزان لە شەوان داو ئەو گیانی ژیانە کۆمەڵایەتی‌یەی کوشتووە کە جاران پێش تەلەفزیۆن هەبوو(٧) چونکە ئێستا تەلەفزیۆن بووەتە مۆلگەیەکی رووناکی وا وەکو پەروانە هەموو ئەندامان رووی تێدەکەن و قرو قپ لە بەرامبەر یادادەنیشن : نە هەوال و نەگاڵتە و گەپێك ، نە باس و خواسی هەڵسوکەوتی رۆژانەو کارەکانیان هیچ نابەت و ناچێت . بەڵام مەسەلەی ئەو کارەی تەلەفزیۆن لە دامەزراوەی ماڵ و خێزانی دەکا لە خێزانێکەوە بۆ خێزانێکی دیکە فەرقی هەیە ، لەگەڵ ئەوەشدا تەلەفزیۆن هەر توانیویەتی تەرزی ژیانی خێزان بگۆرێت و لە گۆرانی چوارچێوەی کاروبارەکانی شەوانە بەشدار بێت . سەرژمێرێکی کۆمەڵایەتی دەربارەی بەکارهێنانی تەلەفزیۆن لەلایەن چینە



کۆمەڵایەتی‌یەکانەوە لە عیراق روونی دەکاتەوە کـــەوا دوو سێ‌یەکی خێزانانی کرێکاری عـــــیراق ئەوانەی تەلەفزیۆنیان هەیە هەر لــــــە سەرەتای نیش‌کردنی بەرنامەکانەوە تا کۆتا هاتنیـــــان بەدیار تەلەفزیۆنێ دادەنیشن ، کـــەچی ( نیوەی ) خێزانە ناوەندی‌یەکان بەردەوام تەلەفزیۆن دەکەنەوە(٨) . بۆیـــە ئەندامانی چینەکانی کارکەر لە ئەندامانی چینــــە ناوەندی‌یەکان زیاتر تەلەفزیۆن تەماشا دەکەن‌و زۆر خێزان هـــەیە لایان وایە دەبێ تەلەفزیۆن لــــــە سەرەتای شەوەوە بکرێتەوە هەندێ جاریش هەر کاردەکات با کەسیشی بەرامبــــەر نەبێت . بە نموونە چینـــەکانی کارگەر تەلەفزیۆن ناکوژێننەوە کاتێ کە منداڵەکانیان خەریکی دەورو دەرسی قوتابخانەکانیان . کــــەچی هەندێ خێزانی ناوەندی لەو کاتەدا تەلەفزیۆن ناکەنەوە . جا هەرچەند بە پەیژەی کۆمەڵایەتیدا بێینە خوارەوە زیاتر حاڵی بەکار خستنی تەلەفزیۆن دەبینین لەکاتی خەریك بوونی منداڵانیان بە ئەرکی ماڵەوەی قوتابخانەکانیان .

دکتور براین ولسون ، کە زانایەکی کۆمەڵایەتی‌یە هەندێ لەو تەئسیرانە باس دەکات کــە تەلەفزیۆن لــە هەڵوێســت و بەهـــا کۆمـــەڵی و دەروونی‌یەکانی تەلەفزیۆن بینەکانی دەکـــات ، دەڵێ تەلەفزیۆن لــە گۆڕینی بەهاکانی خەڵك و بیروڕایان دا دەربارەی تاوانەکان دەورێکی گرنگ یاری دەکات و کۆمەڵــە بەهاو پێوانەیەکی تازەیان دەداتێ کە بە هۆیانەوە ڕووداوەکان هەڵدەسەنگێنن و دەسکەنەیان دەکەن و کاری خراپ لە کاری چاك جیا دەکەنەوە . ولسون هەروەها دەڵێ تەلەفزیۆن هەمیشـــە بووارو دووبارە بوونەوەی تاوان گەورە دەکات‌و قەوماوی زەبرو زەنگ و بەکارهێنـــانی توندی و هێز لــــە چارەسەرکردنی کارو[illegible]دا دەخاتە پێش چاو ، ئەو کەسانە هـــــان دە[illegible]ی ماتی خۆکوتانە ناو تاوانباری و لاساری‌یان [illegible]وە هەیە ڕێکـــەی نائاســـــایی و لاســــاری و تاوانبـــاری و تۆڵەسەندنەوە بگـــرن تاکـــو ئارەزوو و حـــەزی ناکۆمەڵایەتی و نا ــ ڕەووشتی‌ی خـــۆیانی پێ تێراو بکەن(٩) .

ئیتر تەلەفزیۆن ڕێگە و شێوازی وا پێشانی ئەم جۆرە کەسە نا ئاسایانە دەدات کە بەهۆیانەوە دەتوانن کاری گوناهباری‌ی خۆیان بەجێ بگـــەیەنن‌و شێوەی تاوانباری و زەبرو زەنگی کۆمەڵانی بێگانەیان دەخـــەنە بەردەست . ئەمـــەش ناوی پەیوەندی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان شێلوو دەکات و گەلێ جۆرە گیرو گرفت دەخاتە سەرباری کۆمەڵ کـــە لێ‌یان بەدوور بوو . ئـــەوەتا هـــەندێ فلیمی تەلەفزیۆن تاوانبارێك دەکەن بـــە قارەمـــان ، ناوودەنگ و ناوبانگی گەورەی دەدەنێ و دەیانەوێ ئەوەمان پێ‌بسەلمێنن کە ئـــەو لەڕێ لادان و یاخی بوونە کۆمەڵایەتی‌یەی تاوانبارەکە کــە قارەمانی فلیمەکەیە دەیکات بەشێکی نەپچڕاوی جەستەی ئـــەو دەوروبەرو واقیعی کۆمەڵایەتی‌یەیە کە لاوانی کۆمەڵەکە لـــە ناویدا دەژین ، ئەمـــەش بۆ تەماشـــا کەرانی دەگەڕەێنێتەوە کە ئەو کارەی قارەمانی فلیمەکە کردی ڕەوایە ، بێ‌گومان ئەمەش ژمارەیەکی ــ کەم نا ــ لــە لاوانی کۆمەڵ دەخاتە سەر ئەو ڕایە کــــە ئەوانیش هەمان کردەوە بکەن کە لە دوایدا دەبێتــە مایەی گیرو گرفت و دەردەسەری‌ی کۆمەڵەکەو ئـــەو دستوورو بناوانە ڕەووشت و ڕەفتاریانەی کۆمەڵ بڕوای پێ‌یـــان هەیە و کـــە بە هۆیە بناغەیەکانی کۆك ڕاگـــرتنی کۆمەڵایەتی دادەنرێن لەناو دەبات یان بێ‌هێز دەکات .

بـــەلام دەشبێ ددان بـــەوە دابێنین کــە وەنەبێ تەلەفزیۆن تاکـــە هـــۆی قەومـــانی ئـــەو تاوان‌و سەرهەڵدانی ئـــەو گیرو گرفتـــە کۆمـــەڵایەتی و ڕەووشتی‌یانە بێت کـــە کۆمەڵ تووشیان دەبێت ، چونکە ئەو گیروگرفتانە پێش ئەوەی مرۆڤ تەلەفزیونی زانیبێت لە کۆمەڵەکاندا هەر هەبوون و واش ســەیر دەکرا کە شتێکی سروشتکردە وهەردەبێ لە کۆمەڵانی ئاڵۆزو بــــە پەلوپۆدا هەبێت ، تەنیا ئەوەندە هەیـــە تەلەفزیۆن هەندێ جـار یاریدەی بڵاوبوونەوەی گیانی تاوانباری و لاســــاری دەدات لەنێوان هـــەندێ لەو هاونیشتمانانەی کـــــە جـــۆرە پـــەروەردەیەکی ڕەووشتانەیان هـــەیەو ئامادەن کارتێکردنی نابەجێ‌ی دەورو بەری کۆمەڵایەتی‌ی ژیانیان وەربگرن .

پێویستە تەلەفزیۆن یان رادیۆ بەوە گومانبـــار نەکەین کە گوایا گیانی لەڕێ لادانی کۆمەڵایەتی و یاخی بوون دەخـــەنە نێـوان منـداڵ‌و هـــەرزەکاران ، نا ، ڕەفتـاری تاوانبـاری و لاسـاریی منـداڵ خـــەتای تەلەفزیۆن یان هۆیەکانی تری ڕاگەیاندن و پروپاگەندە نی‌یە ، بەڵکو گەلێ هۆی ئاڵۆزی کۆمەڵایەتی و دەروونی و شارستانەتی وا هەن کە دەیکەن بە پیاوێکی نائاسایی لە سروشت و ڕەفتارو هەڵسان و دانیشتندا ئـــەو

هۆیانەی کە شەخسییەت و رەفتاری تاك پێدەگەیەنن دەستگیربوونی کۆمەڵە زانین و لێزانی و تاقی‌کردنەوەیە کە لە دەوروبەری کۆمەڵایەتی خۆی و بە هەڵسوکەوتی لەگەڵ خەڵکیدا ، دەستکەوتنی وێنە و دیمەنی ژیری زەیین کرد دا کە لە تەفسیر کردنی رووداوو ئەو شتانەی دەوریان داوە بایەخێکی گەورەیان هەیە ، لەگەڵ باوەڕ کردنی بە کۆمەڵە بەهاو پێوانەیەك کە لە نێوانە کۆمەڵایەتی‌یەکەی خۆیدا فێریان بووە ،هەروەکو چۆن چینە کۆمەڵایەتی‌یەکەشی و کۆڕو تاقمەکان و ئەو پەیمانگا کۆمەڵایەتی‌یانەی سەربەوانە هەمیشە جۆرە سروشت و شەخسییەتێکی تایبەتی لەو ڕەووشتو ڕەفتار و بیرو ڕاو مەبەستانەی پێدەدەن کە هۆی جووڵانەوەو چالاکی و پەیوەندی کردنیەتی بە خەڵکی ترەوە .

دەبێ ئەو هۆیە کۆمەڵایەتی و دەروونییانە بپشکنینەوەو لێیان وورد ببینەوەو لە دیاری کردنی سروشتی تاك و جۆری رەفتارەکەی‌دا گرنگییان بزانین و دەتوانین بڵێین کە تەلەفزیۆن تەنیا هۆیەکە لەو هۆیانەی کە کار لە شەخسییەتی تاك و سروشتی پەیوەندیی بە خەڵکەوە دەکەن . لەوانەشە تەلەفزیۆن هۆیەکی دووەمینی بێت لە تەئسیری بەسەر تاکدا ؛ هۆیە راستەو خۆکان ئەوانەن کە پێشتر باسمان کردن وەکو هۆیە کۆمەڵایەتی و سایکولوجی و شارستانی‌یەکان کە لەمەودوا بەشێکیان شی‌دەکەینەوە . یەکێك لەو هۆیە ناوەخۆیی یانەی کە هەڵسو کەوت و بیرو ڕاکانی تاك لە بۆتەیەکی تایبەتی‌دا دادەرێژن باری نیگایەتی بۆ خۆی‌و بۆ خەڵکی تر . کەوا بیرو ڕای تاك دەربارەی خەڵکی زادەی ئەندیشەو ئەو لێکدانەوانەیە کە لە ڕاستی‌یەوە دوورن ، بەڵکو سەرچاوەکەی هەواڵ و تاقی‌کردنەوەی نیوەراستەیان لێزانی‌یە کە لەگەڵ سروشتە فسیولۆجی و عەقلی‌یەکەیدا دەگونجێت و لەگەڵ ئەو واقیعەی تێیدا دەژین ریك ناکەوێت . لەو هۆیانەی تر کە کار لە شەخسیەتی تاك و ئاستی بیرکردنەوەی دەکەن چەندی و چۆنی ئەو زانینەیە کە لە دەورو بەرو واقیعی کۆمەڵایەتی‌یەوە پێی گەیشتووە ، دیارە کە ئەو زانین و لیزانی‌یانەی مرۆڤ فێریان دەبێت ناتوانرێ بە ئاسانی لەو ئاستانەی شعور جیا بکرێتەوە کە هاوشانی فام کردنو بیرکردنەوەن(١٠) .

چونکە هەموو کەس بایەخ بەو بابەتانە دەدەن کە پەیوەستییان بە ژیانی شەخسییانەوە هەیەو لەگەڵ بیرو باوەڕیان هاوشا دەڕۆن و تەفسیری هەڵوێست و باری ژیانییان دەکەن . هۆیەکی تر کە کار لە رەفتارو بیرو ڕای تاکەکان دەکات بریتی‌یە لەو تاقم و کۆمەڵ و پەیمانگا کۆمەڵایەتی‌یانەی کە سەر بە ئەون . هەموو تاکەکانی کۆمەڵ سەر بە کۆڕو کۆمەڵەو پەیمانگای کۆمەڵایەتی خاوەن ئامانج و بەرژەوەندی هەمە جۆرن و زوربەی جاریش ئامانجەکانی ئەو تاقم و کۆمەڵانە دژ بەیەك دەبن و تاکیش دەکەوێتە ژیر کار تێ‌کردن و ووریا کەرەوەی ئاڵۆز و داخوازیی جیاواز ئەمەش بێ‌گومان کارێکی گرنگ دەکاتە سەر بیرو لێکدانەوەو رەفتاری و لە هەندێ باردا دەیکا بە یەکێك کە بە خۆیدا ڕانەپەرموێ و پێویستی بە بڕواو دڵنیا بوون هەبێت و نەتوانێت سادە ترین بڕیار بۆ ژیان و دوارۆژی خۆی پێویست بدات .

هەرچی هۆی چینە کۆمەڵایەتی‌یەکەو شوێنەوارە پەل ـ هاویشتووەکانی‌یەتی بەسەر تاکدا ، یەکێکە لەو هۆیە بنەڕەتییانەی کار لە شەخسییەتی دەکات و سروشتی پەیوەندی بەخەڵکەوە دیاری دەکات و هەندێ سیفەتی وای دەداتێ کە دەیکەن بە مرۆڤێك بتوانێ لەگەڵ تاقمێك ڕابێت لەلایەنی کۆمەڵایەتی‌یەوە و لەگەڵ تاقمەکانی تردا ڕانەیەت .

کەوابێ چینی کۆمەڵایەتی کردارێکە تاك دەتوانێت بەهۆیەوە ببێ بە ئەندام لە تاقمێك کە هوشیاری و ئایدیولوجی‌یەکی تایبەتی و پلەیەکی ناسراوو پایەو هێزی کۆمەڵایەتی خۆی هەیە(١١) . چونکە لەو کۆمەڵە فرە چینەدا کە لای وایە دەبێ بەپێی چەندیی دەستکەوتی ماددی و واتایی کردارێک [illegible]بوونەوەو نزم بوونەوەی خەڵك لە لایەنی [illegible]تی‌یەوە هەبێت ، دەبینین ئەو کەسەی کە لە لایەنی کۆمەڵایەتی‌یەوە بەرز دەبێتەوە هەوڵ دەدا لاسایی رۆڵەی ئەو چینە بکاتەوە کە گواستوویەتی‌یەوە لای دەربارەی شێوازی ژیانی و نەریت و رێو شوێن و رەفتارو ڕووالەتی دەرەوەو ئەو شتە ماددی واتایانەی کە لە چینەکانی تری کۆمەڵی جیا دەکەنەوە .

پاش شیکردنەوەی ئەو هۆیە کۆمەڵایەتی و دەروونیانەی کە بناغەن بۆ جۆرو سروشتی شەخسییەت و بیرو ڕاو ئەو رەفتارەی کە تاك خووی

پێوە دەگرێ ، دەبێ بڵێین بـــەر لەوە لە لێکۆڵینەوەی تەئسیرەکانی تەلەفزیۆن قووڵ ببینەوە پێویستە ئـەو هۆیانە ســـەیر بکــەین و بە پان و بـــەرینی لێیان بکۆڵرێتەوە چونکە هۆیە کۆمەڵایەتی و دەروونیەکان بەردی بناغــەی پێکهاتنی توخمەکانی شەخسییەتی تاکن ، هەروەها ئەو مەعلوماتە سەرەتاییانەن کـــە پێویستە لێکۆڵەرەوە لێیان ئاگادار بێت بـــەر لـــە لێکۆڵینـــەوەی تەئســـیرەکانی تەلـــەفزیۆن لـــە شەخسییەت و ڕەفتاری منداڵی هەرزەکار جا ئەگەر شەخسییەتی تاك لەلایەن کۆمەڵایەتی و شارستانییەوە پێگەیشتوو بوو واتا تاکەکە بـــە توندی دەستی بە کۆمەڵە بیرو باوەڕێکەوە گرتبوو و هەڵسو کـەوتێکی چەسپاوی کۆمەڵایەتی وای هەبوو کە لـە دەورو بەرە کۆمەڵایەتییەکەی خـــۆی دەستی خستبوو ئـــەوا تەلەفزیۆن یان هـــەر هۆیەك لـــە هۆیەکـانی تری پروپاگەندەو ڕاگەیاندن ناتوانێت بیرو ڕاکانی یـــان شەخسییەتی بگۆڕێت یان تەنانەت کـــەمێکیش کاری تێ بکات . بەڵام لەسەر ئەوەشەوە پرۆفیسور خاتو و هملـــوایت Himmell wiet دەڵێ : تـــەلەفزیۆن دەتوانێ کار لە بیری تاکی تەماشاکەر بکات ئەگـــەر ئەم هۆیانەی خوارەوەی لە پاڵدا بوون (١٢) :

(١) تەلەفزیۆن دەتوانێ رەفتـــار و بەهاکان و بیرو ڕاکانی تاکە کەسان بگۆڕێت ئەگـەر هاتوو هەموو بەرنامەکانی تەواو بە سەرو بـەرو دووبارە کەرەوەی یەك جۆر بەهاو پێوانە بوون .

(٢) ئەو بەهـــاو پێوانانە پیشان بدات کـــە مەبەستە بڵاو بکرێنەوەو لـــە مێشکی خەڵکیـــــدا بچەسپێنرێن بە شێوەیەك جۆشی دەروونیان بەرامبەر ئەو بەهایانە هەڵدەگیرسێنێ .

(٣) دەبێ ئەو بەهـــاو پێوانە نوێیانەی مەبەستە لە مێشکی خەڵکیدا بچەسپێنرێت لەگـەڵ پێویستی و بەرژەوەندەکـــانی شـــەخسی و ئێســـتایان دا پەیوەندیدار بن .

(٤) دەبێ هـــۆی ڕاگەیاندن واتا «تەلەفزیۆن» نەکەوێتە بەر کولنگی ڕەخنەی هـــەچ لایەنێك . واتا دەبێ بەرنامەکانی لەگـــەڵ ئارەزوو و بەرژەوەندەکانی تاکە کەسان دا گونجاو بن .

(٥) ئەگـــەر تەماشاکەر لـــەو مەعلومات و تاقیکردنەوانەی لـــە پـەردەی تەلـــەفزیۆن دا بڵاو دەکرێنەوە نەزانێت ڕوو پەسەندیان دەکات چونکـــە پێشتر شتێکی وای لانییـــە دژی ئەوە بێت کە لـــە تەلەفزیۆنەکە دەیبینێ و دەیبیستێ

کەوابێ تەلەفزیۆن دەتوانێت کار بکاتە ســـەر زەینی هەموو ئەوکەسانەی کـــە لەو باس و بابەتانەی تەلەفزیۆن نازانن . . منـــداڵان و هەرزەکاران بـــە نموونە نازانن تاوانەکان لە سۆنگەی چییەوە هاتوون و ئەنجامی کاریان بەســـەر کۆمەڵدا چییـــەو چ جـــۆرە شـــارەزایی و تاقیکردنەوەیەکیان نییـــە دەربارەی تاوان ، کاروباری ژن و مێردایەتی ، جا لەو حاڵەتەدا لەو چیرۆك و زنجیرە چیرۆکە تاوانبـــاری و جنسیانەی فلیمە بەهات و هاوارەکانی تەلەفزیۆن شت فێردەبن و باوەڕیان پێدەکەن . ئـــەو چیرۆکە تاوان بابەتە یان جنسییەی پارمـــــەتی و پشتگیری قارەمانی فلیمێك دەکات کە بەپێی پێوانەی باوی ڕەووشت و بـــــە گوێرەی کردەوەی ناشایستە و دژ بـــە بەهاو نەریت و ڕێ و شوێنی کۆمەڵ بەتاوانبار دەژمێردرێ لـــەوانەیە کار لـــە بەهاو بیرو لێکدانەوەی هەرزەکار بکات ، ئەویش پشتگیری بکـــات و بچێتە ژێر ئاڵاکەیەوە ، هەندێ جاریش هەرزەکار هـــەمان کاری تاوانبارییی نوێنەری فلیمەکەی تەلەفزیۆن دووبارە دەکاتـــەوە ، ئەمەش هەموو جۆرە گیرو گرفتێك بەســـەر کۆمەڵ گشت لەگشت دەهێنێ .

**لە گۆڤاری**
**( الجامعة المستنصرية )وە وەرگیراوەو**
**کراوە بـەکوردی**

پەراوێزەکان :


(1) W . schramm “ Proeess and gffect of mass communication ” P. 23

(2) C. R. wright “ mass communica - tion A soeiological perrpeatire ” P. 56 .

(3)

(4) W. schramm “ T. V. in the lires of our children ” PP. 14 - 16